هەرکەسێک هێندەی کێشی گەردیلەک خۆبەگەورەزانین لە ناو دڵیدا هەبێت ناچێتە بەهەشتەوە

لە عبداللەی کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک هێندەی کێشی گەردیلەک خۆبەگەورەزانین لە ناو دڵیدا هەبێت ناچێتە بەهەشتەوە»، پیاوێک ووتی: کەسێک حەز دەکات جلەکەی ڕێکوپێک بێت، ونەعلەکەی ڕێکوپێک بێت؟ فەرمووی: «خوای گەورە جوانە، وجوانیشی خۆشدەوێت، خۆبەگەورەزانین: بریتیە لە ڕەتدانەوەی هەق وبە کەمزانینی خەڵکی (بە چاوی سووک سەیرکردنی خەڵکی)».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە لەوانەیە کە هەڕەشەی تێدایە وپێویستی بە وردەکاری وشیکردنەوە هەیە بە پێی بەڵگە شەرعیەکان، ئەگەر (خۆبەگەوزانین) لە دڵدا بەرامبەر هەق وڕق لێبوون بێت لە ئیسلام، ئەوا ئەم کەسە کافرە وبە هەتاهەتایە لە دۆزەخدا دەبێت وناچێتە بەهەشتەوە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: {ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمُ كَرِهُواْ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأَحۡبَطَ أَعۡمَٰلَهُمۡ}[محمد: 9]، واتە: {ئەو تۆڵەیان لەبەر ئەوەیە کە بێگومان ئەوانە ڕقیان لەو قورئانە بوو کە خودا ناردوویەتیە خوارەوە، بۆیە خوادش کردەوەکانیانی پووچەڵ کردەوە}. بەڵام ئەگەر (خۆبەگەورەزانین) بەرامبەر خەڵکی بێت وفیز زل بێت لە کاتی گەیشتن پێیاندا، بەڵام خۆبەگەورەزان نەبێت بەرامبەر پەرستنی خودا وملکەچ بوون بۆ ئیسلام؛ ئەوا لێرەدا ئەم هەڕەشەی دەیگرێتەوە وناچێتە بەهەشتەوە لەگەڵ ئەو کۆمەڵەی کە لە سەرەتادا دەچنە بەهەشتەوە، وکاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەم فەرموودەیەی کرد؛ پیاوێک ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، پیاوێک حەز دەکات جلوبەرگی جوان بێت ونەعلەکەی جوان بێت، ئایا ئەمیش لە خۆبەگەورەزانینە؟ فەرمووی: (خودا جوانە، وجوانیشی خۆشدەوێت)، خودا جوانە لە زاتی مەزنی خۆیدا، وجوانە لە کردەوەکانیدا، وجوانە لە سیفاتەکانیدا، وهەرشتێک لە لایەن خوداوە بێت جوانە. کاتێک دەفەرموێت: (جوانیشی خۆشدەوێت): واتا خۆجوانکردنی پێخۆشە کە مرۆڤ حەز بکات جل وپێڵاو ونەعل ولاشەی جوان بێت کە ببێتە هۆی ئەوەی خەڵکی خۆشیان بوێت، بە پێچەوانەی ناشیرینی وناڕێکی کە مرۆڤ قژی وجلەکانی ناشیرین وناڕێک بێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6209